# ئەو یاریەی کە لەسەر کەرکوك بەڕێوەدەچێ!

**شوان جەلال**
Shwanjalal2005@yahoo.com



کوتایی ئەم سالّ، واتە سالّی (2007) دەبێ ریفراندۆم لەسەر ناسنامەی کەرکوك و ناوچە بەعەربکراوەکانی تر یەکلابکرێتەوە ،وەك لە مادەی (140) ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە. رۆژ بە رۆژ لە کۆتایی ئەم سالّە گرنگە نزیك دەبینەوە و هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تر کیسەلّ ئاسا بەڕێوە دەچێ . بەلاّم ئەوەی کەمێك شارەزایی لە کێشەی کەرکوك هەبێ، لەوە دەگات، کە ئەگەر سنوری ئیداری ئەو پاریزگایە وەکو سەردەمی پێش تەعریبکردنی لێبکرێت، واتە شارەکانی ( کفری، کەلار ،چەمچەمال، دوز خورماتوو...هتد ) بگەڕینەوە سەر سنوری ئیداری شاری کەکوك ئەوا بەدلّنیاییەوە کوردرستانی بوونی ئەو شارە مسۆگەر دەبێ. ( تەنانەت ئەگەر عەرەبی هاوردەش لە کەرکوك بمێنتەوە ).

کێشەی کەرکوك کێشەیەکی ئێجگار ئالۆزە . واش چاوەڕوان دەکرێ لەگەلّ هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی ئەم شارە زیاتر ڕوو لە ئالۆزیی بکات. لە ئێستاوە پێویستە سەرکردایەتی ساسی کورد بەسیاسەتێکی واقعی و حەکیمانە مامەلّە لەگەلّ ئەم کێشەیەدا بکات .

کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی دەبێ دوو رەهەندی سیاسی پیکەوە گرێدراوی زۆر گرنگ لە بیر نەکەن، لە مامەلّە کردن لەگەل کێشەی کەرکوکدا، کە ئەوانیش:

یەکەم / واقع : ئاخر سیاسەت، لە هەرشتێ زیاتر پیویستی بە مرۆڤ و دیدی واقعی هەیە.

دووم / تێگەیشتن لە توانای خۆ ، وەك پەندە کوردیەکە دەلّێ " دەبێ بەقەد بەڕەکەی خۆت پێ راکشێنە" . لێرەدا مەبەستم لاوازی سیاسی کوردنیە، بەلّکو واقعی ئەمڕوی سیاسی کورد گەلێك کارتی سیاسی هەیە بۆ بەکارهینانان " ئەگەر بەکاربهێنێت!" . هەروەها سەرکردایەتی سیاسی کورد دەتوانیت یاری و تەکتیتیکی سیاسی جیاجیا ساز بکات.

سیاسەتی کوردی لەناخوی عێراقدا و بەتایبەتی لە حکومەتی مالکی دا، هێزێکی سیاسی نیمچە سەنترالّی بەدەستەوەیە، بۆ فشار و بە کارهێنان. بۆیە دەکرێ کورد سودی گەورە لەو هێزە وەربگرێ، بە ئاراستەی جێبەجێکردنی تەواوی بڕگەکانی ماددەی (140) .لەراستیدا وەزعی مالکی زۆر باش نیە، چونکە ئەوە هاوپە یمانی کوردستانە ووجودی حکومەتەکەی مالکی لەسەر مەیدانی سیاسی عێراق ڕاگرتووە.

هەرەوەها لە سەبارەی بە سیاسەتی دەرەوەدا، دەبێ دبلۆماسیەتی کورد خوێندنەوە بۆ زیاد لە ئەگەر و گریمانەیەکی سیاسی بکات . هەروەها دەبێ دیبلۆماسیەتی کورد لەدەرەی ناوچەکە، بەتایبەت ئەمەریکا و ئەوروپا کاری زۆر جدی بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لە جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی دەستووری عێراق. لێرەشەوە دەکرێ ئاماژە بۆ ئەو سەردانە دبلۆماسیەی سەرۆکی هەریمی کوردستان بکەین بۆ ئەوروپا و کۆبونەوەی لەگەلّ پەرلەمانی ئەوروپا، کە من پیم وایە کاریکی پیویست و پۆزەتیڤ بوو ، بەتایبەت ئەو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێم کە سەبارەت بە پێویستی جێبەجێکردنی ماددەی (140) لە ئان و ساتی دیاریکراودا خستنیە ڕوو.

لە کۆتایدا دەلّیم ئەو یاریە سیاسیەی کە لەسەر کەرکوك بەڕێوەدەچێ یاریەکی ئاسان نیە. دەبێ ئیمە کورد براوەبین، چونکە دۆڕان ئیختیاری ئێمە نیە.